

ئیکرام حەمە

# عیسای ڕاستەقینە و عیسای ساختە

مێژوو هەرچەندە بەرە و دواوە بگەڕێتەوە، زیاتر لەنێو چیرۆك و ئەفسانەكاندا نغرۆ دەبێت، بە جۆرێك كە ئیدی هیچ هێڵێكی جیاكەرەوە لە نێوان ڕاستی و خەیاڵدا نامێنێت و نازانرێت كە دەبێت دەق و نووسینەكان بە وشەیی لێكبدرێنەوە یاخود بە خوازەیی. ئەم قسەیە پێش هەموو شتێك بۆ دەقە ئایینییە پیرۆزكراوەكانی وەك تەورات و ئینجیل و قورئان ڕاستە.

چیرۆك و بەسەرهاتی ناو دەقە ئایینییەكان سەرەڕای ئەوەی كە وەك مێژوویەكی ڕاست و ڕووداوگەلی ڕاستەقینە تەماشا دەكرێن لە لایەن پەیڕەوكارانیانەوە، ئامانجی فێركارییان هەبووە و لەبەر ئەم هۆكارەیە كە نووسەرانی ئەم دەقانە هیچ ترسێكیان لەوە نەبووە كە فێركاری و ئامۆژگارییە ئاكارییەكانیان لە ڕێگەی گێڕانەوە و گواستنەوەی چیرۆككەلێك كە هەرچەندە خەیاڵی و مەحاڵیش بن بخەنەڕوو.

هەڵبەتە سوود وەرگرتن و كۆپیكردنی ئەم ئەفسانانە بە شێوەیەكی هەرەمەكی نەبووە، بەو واتایەی كە خۆیان هەستابن بە دارشتنی ئەم ئەفسانانە و هیچ ئامانجێكیان نەبووبێت، بەڵكو سوودیان لە ئەفسانەگەلێك بینیوە كە لە پێشتردا هەبوون بۆ گەیاندنی مەبەست و پیرۆزكردن و بەگەورە نیشاندانی چوارچێوەی ئایین و كەسی یەكەمی ئایینەكەیان. هەموو شارستانییەتە مەزنە دێرینەكان و تەنانەت كۆمۆنە مرۆییەكانیش خاوەنی ئەفسانەگەلی تایبەت بە خۆیان بوون، كە بە گشتی وەڵامی خەیاڵی ئەوان بووە بۆ شێوازی دروستبوونی مرۆڤ و گەردوون و هەروەها تێڕوانینەكانیان لە بارەی خوداوەندەكان و شەڕەكانی نێوانیان و بەشداریكردنیان لە دیاریكردنی چارەنوسی مرۆڤدا و دەست خستنە نێو كاروباری مرۆڤ.

یەهودییەكان بە هۆی بەركەوتنیان لەگەڵ سێ شارستانییەتی گەورەدا، سوودێكی زۆریان لەو بیروباوەڕ و ئەفسانانە وەرگرتووە و دواتر وەك ڕاستییەكی پیرۆز لەنێو كتێبەكەیاندا (تەورات و ئینجیل) جێیان كردۆتەوە. یەهودییەكان پێش بەدیلگیرانیان لە لایەن پادشای بابل (نەبوخەزنەسەر)، كەسانێكی بازرگان بوون و ئایینێكی تەواو دنیاییان هەبووە، بە جۆرێك كە لە هیچ یەك لە دەقە ئایینییەكانیاندا ئاماژە بۆ هیچ یەك لە پایە بنەڕەتییەكانی ئایینی یەهودی و مەسیحی ئێستا نەكراوە. ئیدی هەر لە پرۆسەی ئافراندنەوە بگرە تا دەگاتە نەمرە پیرۆزەكان، ڕۆژی دوایی، بەهەشت و دۆزەخ و پردی سیڕات و ...هتد. بەڵام پاش بەدیلگیران و ڕاگواستنیان و خاپوركردنی ئۆرشەلیم و دواتر ڕزگاركردنیان لە لایەن كۆرشی پاشای ئەوكاتی فارس (كە دواتر لە تەوراتدا بە شوانی یەهودییەكان ناوی هاتووە)، یەهودییەكان هەم سوودیان لە پاشخانی ئایینی و فەرهەنگی و ئەفسانەیی بابل وەرگرت (كە بابلیش سوودی زۆری لە سۆمەر وەرگرتبوو)، هەم سوودیان لە زەردەشتییەكان و پاشخانی شارستانییەتی فارسی كۆن وەرگرت. هەروەها ژمارەیەكی زۆری یەهودییەكان لە میسردا كۆیلە بوون و ئاگاداری ئەفسانە و بیروباوەڕی میسرییەكان بوون. بەم

شێوەیە بەشێکی زۆری باوەڕ و ئەفسانە سۆمەری، بابلی، ئێرانی و میسرییەکان چوونە نێو تەوراتەوە. ئەگەر باوەڕبوون بە جیهانی پاش مەرگ بە نموونە وەربگرین دەبینین کە لەو بەشانەی تەوراتدا کە پێش دیلێتییان نووسراوە، لە هەر جێیەکدا کە باسی سزادان کرابێت ئەوا مردنی وەك خراپترین سزا داناوە و کاتێك کە یەهوە (خودای بەنی ئیسرائیل) هەڕەشە لە هەر کەسێك دەکات، لە کۆتایی قسەکەیدا پێی دەڵێت «دەمریت» وەك لە سفری تەسنییە (سفر التثنية)، بەشی 18 ئایەتی 20دا دەڵێت: «هەر پەیامبەرێك بە درۆوە بانگەشەی ئەوە بکات کە پەیامەکەی لە لایەن منەوەیە، دەمرێت».

دکتۆر (مارتین هۆگ) باوەڕی وایە کە لە پاش دیلێتی یەهودییەکان و دروستبوونی ئایینێکی مەزنی وەك زەردەشتی، ئەم باوەڕە لە لایەن ئێرانییەکانەوە بڵاو بووەتەوە و لە لایەن گەل و نەتەوەکانی دیکەوە وەرگیراوە و کەم و زیاد کراوە. هەروەها ئەفسانەناسانی گەورەی دیکەی وەك «جەیمز باڕ»، «مێرسیا ئیلیادە»، «جۆن ئیلنز» ڕەگوڕیشەی باوەڕبوون بە جیهانی دوای مەرگ دەگێڕنەوە بۆ ئێرانییەکان.

زیاتر لە بیست سەدەیە کە جیهانی مەسیحی و ئیسلام، چیرۆکی ژیانی عیسا و پەرجووەکانیان وەك ڕاستییەکی مێژوویی پەسەند کردووە. تەنانەت ئەگەر لەسەر هەندێك لە پەرجووەکانی یان بەشێکی ژیانی ڕاجیاییان هەبووبێت، بوونی «عیسای ناصری»یان لە مێژوودا بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر زانیوە و سەرچاوەی فێرکارییەکانی مەسیحییەتیان پەیوەندیدار کردووە بە ئەوەوە. چەند سەدەیەك بوو کە پەیمانی نوێ (ئینجیل) وەك لێکدانەوەی ژیانی عیسا و ئامۆژگارییەکانی و مێژوویەکی باوەڕپێکراو لەقەڵەم دەدرا، تا ئەو کاتەی کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە کردنەوەی ڕەمزی لەوحە و بەردەنووس و پاپیرۆسەکانی میسر کە مێژووەکەیان بۆ سەدان ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا دەگەڕایەوە، لێکچوونێکی سەرسوڕهێنەر و زۆر نزیك لە نێوان (عیسای ناصری) و خواوەندێکی میسری بە ناوی هوروس (حورس) دۆزرایەوە و ئاشکرا کرا.

حورس، مرۆخودایەکە کە هاوشێوەی عیسا لە دایکێکی پاکیزەوە (ئیسیس) هاتووەتە دنیاوە و هاوشێوەی عیسا لە ئاو هەڵکێشراوە و لەخاچ دراوە و هاوشێوەی عیسا پاش مردن زیندوو بووەتەوە. «جیراڵد مسی» میسرناسی بەریتانی، گەلێك لێکچوونی لەنێوان عیسا و حورسدا دەستنیشان کردووە کە گرنگترین لێکچوونەکان لەخوارەوە دەنوسم:

1. لەدایکبوونی عیسا لە ئینجیلی مەتادا، بە دەرکەوتنی ئەستێرەیەك و بینینی لە لایەن سێ مەجوسییەوە دەردەکەوێت، ئەو سێ کەسە بە دیاریی ئاڵتوون و بەم بۆنەیەوە دەچن بۆ بەیت لەحم بۆ لای مەریەم و کۆرپەکەی. نیشانەی لەدایکبوونی «حورس»یش دەرکەوتنی سیروس (ئەستێرەی بەیان)ە.

2. حـورس، هاوشـێوەی عیسا (کە لـە لایـەن یەحیاوە لـە ئـاو هەڵکێـشرا)، لـە ڕووبـاری «ئیریدانـۆس» لـە (ئـەردەن) لـە لایـەن ئانۆپـەوە لـە ئـاو هەڵکێـشراوە. ئانۆپیـش هاوشـێوەی یەحیای تەعمیدکـەر لـە دواتـردا سـەری دەپەڕێندرێـت. (تەماشـای ئینجیلـی مەرقـۆس بکـەن).

3. هاوشـێوەی ژیانـی عیسـا، هیـچ چیـرۆك و زانیارییـەك لـە بـارەی ژیانـی هورسـەوە، لـە دوازدە ساڵییەوە تاوەکـو سـی سـاڵی بوونـی نییـە.

4. حـورس، هاوشـێوەی عیسا شـیفای بـە نەخۆشـان و شـێتان بەخشـیوە و بەسـەر ئـاودا ڕۆیشـتووە.

5. لە ئینجیلـی مەتـادا بـاس کـراوە، کە جارێك عیسا هەندێـك لـە حەوارییەکانـی لەگـەڵ خۆیدا بـردووە بـۆ سـەر کێوێـك و لـە کاتـی ئامادەیـی ئەوانـدا شـێوەی خـۆی بـۆ سـەر خـودا گۆڕیـوە (ڕووخسـاری وەك خـۆر درەوشـاوەتەوە و جلوبەرگەکـەی هێنـدە سـپی بـووە کـە ئـاوی چـاوی بـردووە. (مەتـا 17). لـە ئەفسـانە میسرییەکەشـدا هاتـووە کـە حـورس لەسـەر کێویـك شـکڵی بـۆ خـودا گـۆڕدراوە.

6. حورسـیش هاوشـێوەی عیسـا لەنێـوان دوو دزدا لەخاچـدرا، ئەویـان لـە گۆڕێکـدا ناشـت و دواتـر بـە زیندوویـی لـە گۆڕەکـەی هەسـتایەوە. بابەتێکـی سـەیر لێـرەدا هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە حـورس بـە «کرسـت» ناوبـراوە کـە بەواتـای هەمـان وشـەی مەسـیحە.

7. حورسـیش هاوشـێوەی عیسـا بـە شـوانێکی بـاش، مـەڕی خـودا، ماسـیگر و وشـەی خـودا ناوبـراوە.

8. لەئینجیلـدا ئـەوە ژنانـن کـە هەواڵـی زیندووبوونـەوەی عیسـا بـڵاو دەکەنـەوە، لـە حورسیشـەوە گێڕدراوەتـەوە کـە: (ژنخودایـان و ژنـان هەواڵـی زیندووبوونـەوەم بـڵاو دەکەنـەوە).

9. سـەرەڕای لێکچوونەکانیـان لـە پەرجـوو و چیرۆکەکانـدا، لێکچوونـی ژمارەییـش لـە نێـوان ئـەم دوو ئەفسـانەیەدا بوونـی هەیـە کـە خـۆی لـە زۆر بەکارهێنانـی ژمـارە دوازدەدا دەبینێتـەوە کە لـە سـەر شـێوازی بورجـی بازنەیـی یـان دوازدە مانگەکـەی سـاڵدان.

**یەکێك لە گریمانەکان ئەوەیە کە عیسا ئامۆژگارێکی مەسیحی بووە کە توانیویەتی کوروکاڵ و مورید لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و دەستەیەکی ئایینی دروست بکات. بەڵام لە دواتردا ئەم ئایینە بۆ بەهێزکردنی خۆی، سوودی لە سەرچاوە کۆنەکان وەرگرتووە و کۆپی کردوون و بابەتە ئەفسانەیی و پەرجووئاساکانی دارِشتوونەتەوە و کردونیەتییە موڵکی خۆی**

«ئاڵوید بوین» لە ئەم لێکچواندن و خستنەڕوانەی «مسی»یەوە بە ئەم شێوەیە ئەنجامگیری دەکات و دەڵێت:

«هەموو نووسراوەکانی مەسیحییەت کە لە بارەی کەسایەتیی گریمانەیی مەسیحەوە، پاش چەند ساڵێك لە مردنی مەسیح نووسراونەتەوە، هەموویان ئەدەبیاتی دێرینی ئایینی میسرین. کەواتە وا دەردەکەوێت کە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی خودایی وەك حورس، لە سەر شکڵی کەسایەتییەکی مێژوویی و ڕاستەقینەی وەك (عیسای ناصری) داڕێژرابێتەوە. ئەگەر بە ئەم شێوەیە بێت، ئەوا ئینجیلەکان هیچ جۆرە حەقیقەتێکی مێژووییان تێدا نییە و دەقەکانیان پێویستە وەك دەقی خوازەیی تەماشا بکرێن کە بە بەکارهێنانی کەسایەتیی گریمانەیی عیسا، مانا ئەفسانەییەکانی ڕابردوویان وەك لەدایکبوون لە ئافرەتی پاکیزەوە و زیندووبوونەوەی دووبارەوە خستووەتەڕوو. دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەفسانە و ئایینی میسری لە سەدەکانی سەرەتای زایندا، لە سەر شکڵێکی نوێ کۆپی کراون و لەبەریان گیراوەتەوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەگەر بابەتەکە بەم جۆرەیە، چۆن لە دواتردا ئیمپراتۆریەتی ڕۆم توانیویەتی لە بەرامبەر نامەسیحییەکاندا (پاگانەکان) بەرگری لەم ئایینە کۆپیکراوە بکات و ئایینەکە وەك ئایینێکی نوێ و باوەڕپێکراو نیشان بدات؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەم کارە بە تەواوی لە ڕێگەی هێزەوە کراوە و دووبارە دەگەینەوە ئەو ڕستە بێهیواکەرەی کە: «دەسەڵات مێژوو دەنوسێتەوە».

لە کۆتاییەکانی سەدەی چواری زاییندا، ڕاهیبێکی مەسیحی فەرمانی سوتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەریە دەردەکات، نزیکەی 700000 کتێب و نووسراو لە بارەی بیرکاری، ئەستێرەناسی، فەلسەفە، خوداناسی و پزیشکییەوە لەناودەچن، خوێنەر پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت کە ئەسکەندەریە سەردەمانێك وەك ناوەندی فەلسەفە و زانست و میراتی فەرهەنگی فەلسەفیی یۆنان و فەیلەسووفان بووە و دەتوانین ئەفلۆتین بە نموونە بهێنینەوە.

لە ساڵی 529ی زاینیشدا، کۆتا کتێبخانەی پاگانەکان لە ئاتن دادەخرێت. بۆ شاردنەوەی گومانەکان لەسەر ڕاستیی بابەتی عیسا و ئەو دزییە ئەدەبی-ئایینییە، بانگەشەیەکیان بڵاوکردەوە، کە گوایە شەیتان هەر لە کۆنەوە ئاگاداری هاتنی عیسا بووە و لە کۆندا چەند چیرۆکێکی خستووەتە ناو خەڵکەوە بۆ ئەوەی هەست بە گومان بکەن لە بەرامبەر ڕاستیی عیسادا. بەم شێوەیە ئەفسانە کۆنەکان یان ڕاستتر بڵێین بابەتە سەرەکییەکانی پێکهێنەری ئایینی مەسیحی لەناوبران.

لەم بەدەستهاتوو لێکچوونانەوە دەتوانین بگەین بە چی ئەنجامێك؟ ئاشکرایە کە ئەفسانە میسرییەکان زۆر لە ئایینی مەسیحی کۆنترن و ئەگەر لەبەرگرتنەوەیەك ڕوویدابێت ئەوا، لە لایەن مەسیحییەکانەوە بووە. هەندێك کەس لە ڕووی قورسایی زانستییەوە گومانیان لە قسەکانی مسی

و بوید و کەسانی دیکە هەیە و هەروەها پێویستە جیاوازییەکانی نێوان عیسا و حورس لە بەرچاو بگرین. بەهەرحاڵ، ئەگەر بڵێین کە قسەکانی مسی بەڵگەدارن و پشتیوانیی زانستییان هەیە ئەوا زۆرینەی میسرناسەکان یان بێدەنگ دەبن یان زۆرینەیەن پشتیوانی ئەم قسەیە دەکەن. کەواتە تەنها دوو ئەگەر بۆ گەیشتنە ئەنجام بوونی دەمێنێت:

**یەکەمیان** ئەوەیە کە بڵێین، عیسا هیچ ڕاستییەکی مێژوویی نەبووە و لە ڕاستیدا کوڕی خودا، هەمان ئەو مرۆخودایەیە کە لە کۆندا هەبووە و دیسانەوە لە سەر شکڵێکی نوێ نوسراوەتەوە و لە لایەن مەسیحییەکانەوە لە سەر شێوازی وشەیی لێکدراوەتەوە و وەك بابەتێکی ڕاستەقینە تەماشاکراوە.

**دووەمیان** ئەوەیە کە گریمانەی ئەوە دابنێین عیسای مەسیح هەر بەڕاستی بوونی هەبووە، ئەو ئامۆژگارێکی مەسیحی بووە کە توانیویەتی کوڕوکاڵ و مورید لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و دەستەیەکی ئایینی دروست بکات. بەڵام لە دواتردا ئەم ئایینە بۆ بەهێزکردنی خۆی، سوودی لە سەرچاوە کۆنەکان وەرگرتووە و کۆپی کردوون و بابەتە ئەفسانەیی و پەرجووئاساکانی دارشتوونەتەوە و کردونیەتییە موڵکی خۆی و داونیەتییە پاڵ عیسا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەم مەسیحییەکان و هەم مسوڵمانەکان کە ئیمانەکەیان ناچاریان دەکات باوەڕیان بە عیسا و موعجیزەکانی هەبێت، پێویستە ئەو ڕاستییە قبوڵ بکەن و بزانن کە ئەو کەسەی کە ئەوان وەك خودایەك یان پێغەمبەرێك تەماشای دەکەن، کەسێك نییە جگە لە حورس، خودای میسر.

**لە نووسینی ئەم بابەتەدا سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:**

Tom Harpur: The Pagan Christ: Is Blind Faith Killing Christianity Paperback – 2004